# زەماوەند لەگەڵ باران


یوونس ڕەزایی
(بۆکان)

کاتژمێر، نزیک بزەی کەنیشکێکی «سنە» بوو
پێنج خولەکی مابوو بۆ کرانەوەی دەرگەکانی ئێوارە
من چڵێکم باڵندە بەدەستەوە بوو
کوتم: تکایە لیوانێک لە شینایی نیگاتم دەیە!

کاتژمێر، سەری سەعات، زەنگی کڵێسای لێدا
کچە کوتی: مەگەر تۆ «عەهدی تازە»ت لە بیر نەماوە
من دڵم بە «عەهدی کۆن»ـەوە بوو
کوتم: بەڵێن بێ
تۆ و «ئاویەر» لە چەمەدانەکەمدا بشارمەوە
کوتی: نوێتر
کوتم: تۆ و هەموو دارەکانی قەراغ شەقام
لە دەفتەری نەققاشیدا بکێشمەوە.

پێنج خولەک لە ئێوارە لایدابوو
زەنگێکم گوێ لێ بوو
لە بانگی مزگەوتی کۆترەکان دەچوو
کوتی: تۆ سوورەی نوورت لەبەرە
کوتم من تەنانەت (ئەنفال)یش دەزانم
بەو تەنگی نوێژی شێوانە
کە وادەی دەست لێکبەردانە.

دە خولەک تێپەڕی لە تەنیایی کۆتر
کچێکی سنەیی کوتی:
باشە گەرەکت نییە وێنەم بکێشییەوە لە درێژەی پاییزدا؟
کوتم: من هەموو شتێک زەرد نابینم
پێم خۆشە ببیە درێژەی چۆمێک



له منەوە سەرچاوە بگری
بڕۆی تا دەگەیە باشوور
لە باکووری منەوە دەست پێبکە
پێکەنی و کوتی:
کاتژمێر خەریکە نیو سەعات لە تاریکیدا
پیاسەدەکا.

من لەگەڵ کچێکی سنەیی
بەڵێنی کۆنمان چاندووە لە بڵوارەکان
کچە گوڵفرۆشەکانیش بوونەتە بەشێک لە کاتمان
تەنانەت دەستفرۆشەکانی «شەقامی
فیردەوسی»ش
سەعاتێکیان ماوە بگەنە باکووری ئاور.

سواڵکەرەکانی ئاوارەی شاریش
لە نەورۆزدا وەبیر کاتژمێرێک دەکەونەوە
زمانی ئەوان نیشانی خەڵک بدا.

کاتژمێر زۆر لەشەودا خەوت
پێنج خولەکی دی دەبێتە بەهار.

من لەگەڵ کەنیشکێکی سنەیی دەچینە
چوارڕێیانەکان
دەنووسین؛ نان و ڕادەکەین.

دەچینە سێڕێیانەکان؛ دەڵێین باڵ و
خۆ حەشار دەدەین.

دەچینە دووڕێیانەکان
شارێکی خوێناوی وەبیر دێنینەوە و مات دەبین.

دەچینە سەر ڕاستەڕێگەی شار
دەستی یەکتریمان نەگرتووە
ئەو بەرەو باکووری کات دەبەن
من بەرەو باشووری ئێوارێ.

شەقام پێنج خولەک بۆ خوێن بوو
کە بەڵێنی نوێ دەخوێندراوە لە مەیدانی ئازادی
کچێک ناوی «مەهاباد» بوو
بە زاراوەی هەورامی نەخشەی دەریای دەکێشاوە و
دەیکوت مەسیح واتایەکی لێڵە
لە پەنای دارێک کەوتووە.

ژنێک ناوی «شنۆ» بوو
بە زمانی بەردەنووسەکان دەیکوت
هەر کەس خەونی گێلاسێک لەسەر لەشی
«کێلەشین» بسڕێتەوە
دەستی تاڵانی تۆفان بێ و
دەریا وێک بێتەوە کاتی ڕابردنی.

کوڕێک ناوی «شاهۆ» بوو
بە شوێن واتایەکی ون لە شاخدا دەگەڕا
یەکێکیش نازناوی «سیروان» بوو
خەریک بووو ماسی دەفرۆشت بە منداڵانی
باشووری شار
کە هەموویان بووبوونە ڕووبار و
ناوەکانیان لە جانتای کاتژمێردایە.

تا بەڵێنی ڕووناکی خۆمم خوێندەوە
لە دەمارەکانی سنە خۆرهەڵات و
منیش زەماوەندم لەگەڵ باران کرد.